# زمناكۆ عەزیز ئەندامی " دەستەی داكۆكی لە داخوازییەكانی خەڵكی شاری سلێمانی" ڕا پێچی ئاسایشی سلێمانی دەكرێت !

ئەمڕۆ ئێوارە لە بەردەركی سەرا لە شاری سلێمانی " دەستەی داكۆكی لە داخوازییەكانی خەڵكی شاری سلێمانی" بەپێی بڕیاری دەستە، مێزكتابیكی دانا بەمەبەستی كۆكردنەوەی ئیمزای خەڵكی شاری سلێمانیو بۆ پشتیوانیكردن لە داخوازییەكانی خۆیانو هەروەها بۆ بانگەوازكردنی خەڵكی سلێمانی بۆ بەشداریكردنیان لە ناڕەزایەتی ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو، ئەگەر هاتوو تا ئەوكات خواستەكانیان بۆ جێبەجێنەكرا. پاش تەواو بونو پێچانەوەی مێز كتابەكە مەفرەزەیەك لە ئاسایشی سلێمانی چاودێری زمناكۆ عەزیز دەكەنو هەر لە بەر دەركی سەرا دەیگرنو كەلەبچەی دەكەنو ڕاپێچی ئاسایشی سلێمانی دەكەنو لە وێش لەلایەن ئەفسەریكی ئاسایشی جنێو فرۆشو دەم پیسەوە چی بەدەمیدا دێت بە زمناكۆ عەزیزی دەڵێتو پاشان لەلایەن بەڕێوەبەری ئاسایشەوە سەركەوت حەسەن بانگ دەكرێت ئەو پێی دەڵێت " حزبەكەتان مەحزورە"و دەستەكەش ئیجازەی نیە. بەڵام جەنابی بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی باش دەزانێت كە زمناكۆ عەزیز لە سایەی هەڵسوڕانو چالاكی "دەستەی داكۆكی"دا گیراوەو جنێو باران كراوە لە لایەن ئەفسەرێكی دەم پیسی ئاسایشەوە ئازار یش دراوەو پاشان بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، مەحزوربونی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق بۆ تێكەل دەكات بە كاروباری دەستەیەكەوە كە ماوەیەكی زۆركورتە پێكهاتوەو نوێنەرانی خەڵكی شاری سلێمانینو لایەنی كەم لە كۆبونەوەیەكی گشتی جەماوەریدا هەڵبژێردراونو ئەنجومەنی پاریزگای یەكێتی لە سلێمانی لەوێبونو شاهیدی ئەوەن. بەڵام دیارە بەڕێوەبەری ئاسایش ویەكێتی نیشتمانی چاریان نیەو لەگەل هەر ناڕەزایەتیو خواستیكی بەرهەقی خەلكی كوردستاندا پێویستیان بەوەهەیە كادرانو ڕابەرانو ئەندامانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی زیندانی بكەن، ماوەیەك بە ڕێبوار عارفەوە گرتبویان هەركەس مانی بگرتایەو خۆپیشاندانی بكردایە ڕێبوار عارف دەچوە زیندانەوە، دوای ئەو چونە قەلعەدزەو مستەفایان گرت، دواتر لە كەلار مامۆستا عەباسیان بانگ گردو تاوانێكیان خستە پاڵیو.... ئەمەش جێگای ئیفتخاری ئێمەیە كە نێوی حزبی كۆمۆنیستی كرێكارییو كادرو ئەندامانی جوت بوە لەگەل ناڕەزایەتی خەڵكی كوردستانو داوا ئینسانیو بەرحەقەكانیاندا. جگە لەوەش " دەستەی داكۆكی..." كە بەڕێوەبەری ئاسایش داوای ئیجازەی لێدەكات، لەلایەن ئیدارەی سلێمانیەوە ئیجازەی پێدراوە، لەگەل ئەنجومەنی پارێزگادا كۆبۆتەوە، جێگیری سەرۆكی ئەنجومەنی پاریزگا لە پاركی ئازادی بوە كە ئەم دەستەیە پیكهاتووە، ڕۆژانە لە كوردستانی نوێو ڕۆژنامەكانەوە باسی ئەم دەستەیە دەكەن كە داخوازییەكانی بەرهەقنو یەكێتی داواكانیان بە حەق دەزانێتو تەئیدی دەكات.... ئەمە ئیجازە نیە؟! یان ئەم بانو دوو هەوایەی یەكێتی پێدەچیت كاریگەری گولەبارانەكەی خەڵكی كەلار بوبێت بۆیە تا سەر بۆیان نەچوە پێشو پەتی تەحمولیان پچرا. ئەمڕۆ ناچار بون دوژمنایەتی خۆیان ڕابگەیەنن لە گەل بەرژەوەندییەكانی ئەم دەستەیەو خەڵكی شاری سلێمانیدا، وە بۆ سەدەها جار نیشانیان دایەوە كە یەكێتی نیشتمانی كوردستان، ئەهلی ئەوەنیە خزمەت بە خەڵكی كوردستان بكات، ئەهلی ئەوە نیە كە كارەباو سوتەمەنی پێویستو گونجاو بۆ خەڵك دابین بكات، لە تەپلی سەرییەوە تا بنی پێی گەندەڵییەو ناتوانێت پاكسازی بكات، وە نەك ئەهلی ئەوەنیە كە بەزەرەیەك بتوانێت ئازادی سیاسی دەستەبەر بكات، بەڵكو هەمیشە لە هەوڵی سەركوتكردنیدایە بە پێچەوانەی هەمووقسەكانی تاڵەبانیو مانشێتی سەر ڕۆژنامەكانو كەناڵەكانی ڕاگەیاندنیەوە.

ڕیكخراوی كوردستان، بەهەموو توانایەوە لە هەوڵی یەكگرتوو كردنو ڕیكخراوكردنو سەرتاسەریكردنەوەی ڕیزەكانی خەباتی ناڕەزایەتی خەڵكی كوردستان دایە لە پێناو خواستی دابینكردنی سوتەمەنیو كارەباو ئاوو بنەبركردنی گەندەڵیو دابینكردنی ئازادییە سیاسیەكانو بەرزكردنەوەی ئاستی لایەنی كەمی موچەو هەروەها دابینكردنی خانوبەرەی گونجاو بۆ تەواوی هاوولاتیانو لە هەمانكاتیشدا، ئەم كردەوە سەركوتگەرانەی یەكێتی نیشتمانی كوردستان مەحكوم دەكاتو تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی عەرەبیو ئینگلیزی لە ئاستی جیهانیو تەواوی ڕێكخراوەكانی پاریزەر لە مافی مرۆڤو چەپو ئینسان دۆستەكان لەم كردەوانەی یەكێتی ئاگادار دەكاتەوە هەروەها داوادەكات كە تەواوی ئازادیخوازان ئەم كردەوەیە ئیدانە بكەنو زەخت بكەنە سەر یەكێتی نیشتمانی كە دەست هەڵبگرێ لە زەوتكردنی مافەكانی خەڵكی كوردستانو سەركوتكردنی ئازادی سیاسیەكانو سەركوتی ڕای جیاوازو موخالیفو ئازاردانی ئازادیخوازانو ئیهانەو سوكایەتیان پێكردنیانو زیندانی كردنیان.

**ڕێكخراوی كوردستان**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2005/9/25